ئەنجامی کۆتایی و ڕەسمی ئەمەیە !

بەهرۆز گەلاڵی

سەرۆکی کۆمیەتی باڵای هەڵبژاردن((موئەمەر ئایدن ) ) لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دووشەمی ڕابردوو ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیای بەفەرمی ڕاگەیاند کە جیاوازییەکی زۆری نەبوو لەگەڵ ئەنجامە نافەرمییەکانی کە پێشتر ڕاگەیەنرابوون. بەپێی زانیاریەکانی کۆمیتەی باڵای هەڵبژاردنەکان لەکۆی (42.799.303) چل ودوملیۆن و حەوت سەدو نۆهەدو نۆ هەزارو سێ سەدو سێ کەس ، کەمافی دەنگادنیان هەبوو (36.56.293) سی و شەش ملیۆن و پەنجاو شەش هەزارو دووسەد و نۆهەدو سێ کەس چوونەتە سەر سەندوق و دەنگیان داوە.(1.6.602)یەك ملیۆن و شەش هەزارو شەش سەدو دوو کەسیش دەنگەکانیان یەتاڵکراوەتوەو نەژمێردراوە.ئەوانەی دەنگەکانیان ژمێردراوەو بەڕێکی دەنگیان داوە (35.49.691 ) سی و پێنج ملیۆن و چل ونۆ هەزارو شەش سەدو نۆهەدو یەك دەنگدەر بەتەواوی دەنگی خۆی داوە .بە ڕێژەی سەدی تەواوی بەشداربوان لەهەڵبژاردنەکە دا دەکاتە (84.25 ٪) لەسە دا هەشتاو چوارو فاریزە بیست و پێنج .

ژمارەی کورسی و ڕێژەی سەدی دەنگەکانی ئەو لایەنانەی کە بەدەستیانهێناوە :

لەکۆی ( 549) کورسی پەرلەمان ((چونکە یەکێکی مەهەپە بەڕوداوی ئۆتۆمبێل کۆچی دوایی کرد و کۆمیتەی باڵای هەڵبژاردنەکانیش بڕیاری دا ئەو شوێنە بەبەتاڵی بمێنێتەوە) ) . پارتی عەدالەت و پەرەپێدان (341) سێ سەدو چل و یەك کورسی و بەڕێژەی لەسەدا( 46.58 ٪ ) .پارتی خەڵکی کۆماری (جەهەپە)، ( 112)کورسی و لەسەدا (20.90 ٪).لەوژمارەیەی جەهەپە (13)سێزدە کورسی بەر (دێ سێ پێ ) پارتەکەی لەمەڕ (بولەند ئەجەوید) دەکەوێت .پارتی حەرەکەی قەومی(مەهەپە)ش (70)کورسی ولەسەدا (14.27٪ ) .بێلایەکانی سەربە پارتی کۆمەڵگای دیموکراسی (دێ تێ پێ )ش (22) بیست و دوو کورسی و بەڕێژەی لەسەدا (5.2٪)لەسەرجەمی تورکیا.بێلایەنەکانی تریش (4) چوار کورسی بەڕێژەی لەسەدا( 0.07٪ )کەبریتین لە (مەسعود یەڵماس،موحسین یازجی ئۆغلو،کەمەرگەنج ،سەید ئەیوب ئۆغلو ). بەهۆی دواکەوتنی ڕاگەیاندنی ڕەسمی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانیش، یەکەم کۆبونەوەی پەرلەمان بۆ سوێند خواردن دواکەوت بۆ ڕۆژی شەمە(4–8)کەبڕیاربو (31–7 )ئەنجامبدرێت .

ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنی 2002 لەگەڵ 2007 بەراوردبکەین دەبینین کەپارتی کۆمەڵگای دیموکراسی (دێ تێ پێ ) ئەوجارە دەنگی زۆر کەمتری وەك لەجاری پێشو هێناوە.لەهەندێ شوێن دەنگەکانیان ئەوەندە کەمە وەکو بومەلەزە وایە. بەتایبەتی لەدیاربەکر کەبەقەڵای خۆیانی دەزانن .هەروەها لەشوێنەکانی تریش وەکو( ئاگری ، ئەدیەمان ، قارس ، موش ) ، دەنگەکانیان هەرزۆرکەمە.هەروەك لە (ئیستانبول و ئەنکەرەو ئیزمیر)یش دەنگیان زۆرکەمهێناوە . لەهەموو شارەکانی کەپێشتر(دێ تێ پێ) لێی بەهێزبووە ئەوجارە پارتی عەدالەت و پەرەپێدان تیایدا بەیەکەم دەرچووەو دەنگی زۆری لێهێناون.

bgalali@hotmail.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com